# کەرکوکی نوێ

kerkukynwe

kerkukynwe@yahoo.com

ژمارە (٤٣) هەینی ١/ ٨/ ٢٠٠٨






## عەسری موەلیدات

**ڕۆکان عەلی**

ئاشکرایه لەئەنجامی سیاسەتە دژە مرۆڤەکانی و شەڕەماڵوێرانکارە یەك لەدوای یەکەکانی بەعس و سەدام، لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایەدا کە دونیا بووەتە گوندێکی بچوك، لە وڵاتێکی وەکو عێراق و کوردستانی پڕ لەسەروەت و سامانی بەشەری و سروشتیدا هەڵیدێراینە نێو (عصر المولیدات)ەوە.

دوای ڕوخانی ڕژێمە ئاگرو ئاسنەکەی بەعیسیش، لەئاکامی نەبوونی بەرنامەو پلانی ڕێك و پێك و زاڵبوونی گەندەڵی و تیرۆرو باڵکێشانی فەوزا بەسەر تەواوی ئیدارەدا، ئەم دیاردەیە نەك هەر چارەسەری بۆ نەکرا، بەڵکو قەیرانی کارەبا زیاترو زیاتر قوڵ و سەخت بوو، بۆیە هەرکەسێك تەماشای دیمەنی کێبل و وایەری نێو کۆڵانەکان بکات بەسەر موەلیدەکانەوە، هەر کەسێکیش گوێی لەئاوازی نەڕەنەڕی موەلیدەکان بێ تێدەگا ئێمە لەچ ئاستێکی پێشکەوتن داین!

زۆر سەیرە بۆ چوار ساڵ ئازادی و ئەوپەڕی دەسەڵات نەتوانرێ بەرنامە داڕێژییەك بکرێ بۆئەوەی بتوانن هاوسەنگیەك رابگرن لە نێوان کارەبای بەناو وەتەنی و کاتی موەلیدەکان و بتوانن هاوڵاتییان و خاوەن موەلیدەکان رازی بکەن. پێموایە ئەم موعادەلەیە زۆر قورسە و پێویستی بەپشویەك هەیە .

نازانم ئەمە چ قودرەتێکە لەکاتێ موەلیدە کارەبای وەتەنی دێ. ئەوا زانیمان ڕۆژێك بەصودفەبوو ڕۆژێکی تر نەمان زانی و چی چی ...، ئەی ڕۆژانی تر چی دەڵێن. بە ملی وتیارانی بێ، دەڵێن زۆربەی خاوەن موەلیدەکان شەریکی مەسئولەکانن، بۆیە کە بە خاوەن موەلیدەکان دەڵێی بۆ ڕێنماییەکانی پارێزگا جێبەجێ ناکەن، دەڵێن:" نایکەین، بڕۆن چیتان لەدەست دێ بیکەن..!"

زۆر جار لەئەنجومەنی پارێزگا باس لەو کێشەیە دەکرێ و کۆبەنەوە لەگەڵ خاوەن موەلیدەکان دەکەن و هەڕەشەیان لێ دەکرێ باس لەبەرنامەی کاتەکان دەکەن بەڵام هیچ لەوەزع ناگۆڕێ . ئایە پێیان چارەسەر ناکرێ یان کێشەی هاوڵاتییانە و کێشەی ئەوان نییە ئایا ناکرێ لەگەڕەکەکاندا لیژنەیەك یان ئەنجومەنێك یان هەر ناوێکی تری لێبنرێ دابنرێت، لەو کەسانە پێك بێت کەدڵسۆزو راستگۆ و بەنهێنی کار بکەن بۆ ئەوەی ئاگایان لەکارکردنی ئەو موەلیدەی گەڕەکەکەی بێت و ڕاستییەکان وەکو خۆی بەرز بکەن بۆ ئەو لیژنەیەی لە پارێزگا سەرپەرشتی دەکا، یان بۆچی وەکو موەلیدەکانی سلێمانی لەهەر گەڕەکێ (پێوەر ـ مقیاس) دانانێن کە دەزانن ئەو موەلیدەیە لەماوەی هەفتەیەك چەند سەعات کاری کردووە هەرکاتێك کەم تەرخەمی هەبوو سزای خاوەن موەلیدە دەدرێت . ناتوانن بیانوی گازیان هەبێت، چونکە ڕێژەیەکی باشیان پێ دەدرێت.

## چەند دیمەنێك لەخۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی ٢٨ ی تەمموزی شاری کەرکوك



















## کۆڕێک سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان

**سۆران کامەران**

لە ژێر ناونیشانی (توندوتیژی دژی ژنان) کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ٢٢ /٧ /٢٠٠٨ نوسینگەی کەرکوکی مافی مرۆڤی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی لە هۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کەرکوك کۆڕێکی سازکرد.

سەرەتا موجیب عەبدوالکەریم بەڕێوەبەری نوسینگەکە بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردو باسی لە چالاکیەکانی نوسینگەکە کرد، ئینجا سرود محمود جێگری بەڕێوەبەری نوسیگەکە دەستی کرد بەبابەتەکەی دەربارەی توندوتیژی دی ژنان باسی لە یاسایی باری شارشستانی ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ و یاسای پاراستنی خێزان و کرانەوەی ناوەند بۆ ژنانی ستەم لێکراو گرەنتی و پەیمانی تێداو نەهێشتنی بڕیاری (٤١)ی دەستوری عێراقی لە دوایدا ئامادەبوان سەرنج و تێبینی و پرسیاری خستە ڕوو، ئەوەی جێی ووتنە کۆرگێر سنور محمود لە ساڵی ١٩٧٠ لە کەرکوك لە دایك بووە لە ساڵی ١٩٩٥ کۆلیژی کارگێری ئابوری زانکۆی بەغدادی تەواو کردووە وە بەکالێوریۆسی کۆلیژی زمانەکانی بەشی ئەڵمانی تەواو کردووە.

## کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوە بۆ چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیس




لە چالاکیەکانی لقی کەرکوکی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوە بۆ چیرۆکنووس "جەلیل کاکەوەیس" لە ڕۆژی شەممە ٢٦/ ٧/ ٢٠٠٨ کاتژمێر "٥"ی ئێوارە لە هۆڵی مستەفا گەرمیانی لە کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك بە ئامادەبوونی ژمارەیەك نوسەرو ڕوناکبیر سازکرا.

سەرەتا کۆڕەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی شەهیدی قەڵەم ڕۆژنامەنوس "سۆران مامە حەمە" و هەموو شەهیدان دەستپێکرد، پاشان چیرۆکنووس "جەلیل کاکەوەیس" دوو چیرۆکی بە ناوی "خەونەنامەی دانیال" و "شیوە خوێن" خوێندەوەو دواتر لێکۆڵینەوەیەك لە لایەن نووسەر "بەکر دەرێش"ەوە خوێندرایەوە. پاش کۆتایی خوێندنەوەی چیرۆکەکەو لێکۆڵینەوەکە دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبووان ڕەخسێندراو هەندێ لە نوسەران بیرو بۆچوون و سەرنج و تێبینیان لە بارەی چیرۆکەکانەوە دەربڕی و کۆڕەکەیان پێ دەوڵەمەند کرد .

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە کۆڕەکە لە لایەن نوسەر "دانا عەسکەر"ەوە بەڕێوەچوو.


## بڵاوکراوەی نوێ













خاوەنی ئیمتیاز
مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی.ن.ك)

جێگری سەرنووسەر
ئومێد مەحمود
omeedmahmood@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
فەرهاد هەمزە محەمەد
fhm_k2003@yahoo.com

نەخشەساز
محەمەد وەهاب
m_kirkuk_2002@yahoo.com

ناونیشان
کوردستان/ کەرکوك
بارەگای مەڵبەند
بەشی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری

سەرنووسەر
یاسین عزالدین محمود

EMAIL: kerkukynwe@yahoo.com YAN info@kirkukcenter.com / TEL: 210985

جگە لە سەروتار هەموو ئەو نووسینانەی بڵاودەبنەوە بیروڕای خاوەنەکانیانە و کەرکوکی نوێ لێیان بەرپرسیار نیە

چاپ: چاپخانەی ئازاد هەورامی/ کەرکوك